له ئاڵمانییەوە

ح. ئەیوب زادە کردوویە بەکوردی

## ئەفسانەکانی ئائیزۆپ (1)

## کەر و بارگین

وەرزێرێک کەر و بارگینی* خۆی بارکردن و بەرەو بازار ئاژووتنی*. مەودایەکی*زۆری ڕێگەیان بڕی. لەو بەینەدا گوێدرێژەکە هەستی بە بێهێزی کرد و زانی کە نایکێشی. بە لالانەوە ڕوی کردە بارگینی هاورێی و گوتی: تۆ زۆر لەمن گەورەتر و بەهێزتری. بەڵام بارەکەی تۆ لە هی من قورستر نییە. برووکەیەک لەو بارەم لەسەر سووک بکە، دەنا لەبنی دەرنایەم.

بارگینەکە بە دڵرەقییەوە بەرپەرچی دایەوەو گوتی:" باری خۆم پێیە و لێشم زیادە."

کەرەکە بە لارەوەلارەوە خۆی ڕکێش کرد تا سەرەنجام لەبەر ماندوویی نەیکێشا و لێی کەوت.

خاوەنەکەی زۆری هەول دا ڕاستی بکاتەوە، بەڵام سوودی نە بوو. سەرەنجام کەرە تۆپی.

کابرای وەرزێر چ چاری نەما و دەبوو باری گوێدرێژەکەش لە بارگینەکە بنێ. بۆ ئەوە شتێکیشی لە کەرە تۆپیو دەەست بکەوێ، کەوڵی کرد و کەوڵەکەشی کردە سەرباری بارگینەکە.

بارگین لەو دڵرەقییەی خۆی بەرامبەر بە گوێدرێژەکە پەژیوان بۆوە، لەبەر خۆیەوە لالایەوە و گوتی: بە بروکە زەحمەتێک دەکرا سوکەڵە بارێکم لەسەر سووک کردبا و لەمەرگ ڕزگارم کردبایە. بەڵام ئێستا ناچارم و دەبێ بارەکەشی هەڵگرم و *کەوڵەکەشی سەربارم بێ.

پەندی ئەم ئەفسانەیە بۆ ئێمەیمرۆڤ:

کاتێ بتوانی یارمەتی بە کەسێک بکەی، بیکە!

ئاگری ماڵی دراوسێت بکوژێنەوە، بەرلەوە گری ئاور بگاتە سەربانەکەی تۆش.

مانای چەند وشە:

ئاژوتن : ( چاوگ) لێخوڕین

بارگین: ( ناو لێکدراو ، بار + گین یا گیر) هەسپی بارەبەر، ئەسپێک کە بارکێشە و کەمتر بۆ سواری کەڵکی لێوەربگیرێ. ئەسپی یەختە کراو

وەرزێر: کەسێک کە بە کشت و کاڵەوە خەریکە، فەلاح – فەلە، جووتبەندە . ف : کشاورز، زارع

مەودا : بەشێک لە ڕێگا کە ڕێبوار بڕیبێتی، دەم و کاتێک کە بۆ برینی ڕێ تێپەر دەکرێ. ف: مسافت

گوێدرێژ: کەر ، هەرِ . ف : خر

کەوڵ: پێستی هەر بوونەوەرێک کە لە لەشیان داماڵیبێ و لە دەباغخانە یان بە تاڵ و خوێ و گەرما رەعەمەلیان هێنابێ. سفرەیەک لە چەرمی ئاژەڵ کە خۆشکرابێ و نانی لەسەر دەخۆن. کەوڵە کۆن ، ێیدیۆم یا زاراوەیەک کە بە گاڵتە یان بۆ سووکایەتی کردن بە پیرەپیاوان دەگوترێ.

ئائێزۆپ_: ئەفسانە بێژی یۆنانی بەناوبانگ، نزیک بە 550ساڵ بەر لە عیسا مەسیح ژیاوە. 656 ئەفسانە بە ناوی ئەو تۆمار کراوە و بەشی زۆریان بە زمانی، فەرەنسی ، ئاڵمانی، ئینگلیزی... بە بەرگ و کەشمی تایبەتییەوە لەبەر دەست دان . ئەفسانەکانی ئیزۆپ سەریان بە ماڵی کولتور و فەرهەنگی هەموو گەلاندا کردوو. زۆر لە شاعیران چیرۆکەکانی ئەویان بە شێعر دارشتووە و بە زمانی خۆیان بڵاویان کردووەتەوە.

چیرۆکبێژانی کوردیش لەو گەنجینە هونەرییە بێبەش نەبوون. زۆر لە داپیرە و باوەگەوران نموونەی چیرۆکەکانی ئیزۆپیان لە سینگ دایە و بۆ زارۆکانیان دەگێرنەوە. خۆزیا هەموو ئەوانەی کە ئێمە سەردەمێک بۆیان گوتوین و بیستوومانن بۆ ئەوانەی لەرێدان بگێرینەوە. کۆکردنەوەو لەبەریەکدانانی ئەفسانەی سەرزاری بەساڵداچووەکانمان کارێکی نەتەوەییە. ئەگەر بکرێ ئەوەی بەسەر زار و زمانانەوەیە ، یان ئەوەی لە کۆنەکتێبی سینگی دایەگەورە و پاپیراندایە کۆ بکەینەوە کارێکی مەزنمان بۆ فەرهەنگی نەتەوایەتی کردووە. هەموو کوردێک دەتوانێ یەک دوو ئەفسانە و چیرۆکی سەردەمی مناڵی خۆی کە لە دای و باو یان لە باوەگەرە و دایە گەورەی بیستوون، بنووسێتەوە و لە ئینترنێت دا بە ناوی خۆی و کەس و کاری خۆی

بڵاوی بکاتەوە. دەکرێ چیرۆک و ئەفسانە بەدەنگیش تۆمار بکرێ و وێکرا لەگەڵ نووسراوەکە بڵاو بکرێنەوە.

www.rojhalat.de